# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فێری ئیستیخارەی دەکردین لە هەموو کاروبارێکماندا هەروەکو فێرکردنی سورەتێک لە قورئان

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزایان خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فێری ئیستیخارەی دەکردین لە هەموو کاروبارێکماندا هەروەکو فێرکردنی سورەتێک لە قورئان»، و -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «ئەگەر هەریەکێکتان نیازی ئەنجامدانی کارێکی هەبوو، ئەوا با دوو ڕکات جگە لە فەرز -دوو ڕکاتی سونەت- ئەنجامبدات، وپاشان بڵێت: (للهم إني أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ، وأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ، وأَسْأَلُكَ من فَضلك العظيم، فإنك تَقْدِرُ ولا أَقْدِرُ، وتعلمُ ولا أعلمُ، وأنت عَلَّامُ الغُيُوبِ. اللهم إن كنتَ تعلم أن هذا الأمر خيرٌ لي في ديني ومَعَاشِي وعَاقِبَةِ أَمْرِي)*، يان فەرمووی: (عَاجِلِ أَمْرِي وآجِلِهِ، فاقْدُرْهُ لي ويَسِّرْهُ لي، ثم بَارِكْ لي فيه. وإن كنت تعلمُ أن هذا الأمر شرٌّ لي في ديني ومَعَاشِي وعَاقِبَةِ أَمْرِي)**، يان فەرمووی: (عَاجِلِ أَمْرِي وآجِلِهِ؛ فاصْرِفْهُ عَنِّي، واصْرِفْنِي عنه، واقْدُرْ لِيَ الخيرَ حيث كان، ثم أَرْضِنِي به)^، و فەرمووی: «پاشان پێویستیەکەی دەڵێت». *(خودایە من داوای خێرت لێدەکەم بە زانستی خۆت، و داوای هێز وتوانات لێدەکەم بە هێز وتوانای خۆت، وداوات لێ دەکەم لە فەزڵی هەرەگەورەی خۆت، چونکە تۆ توانات بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ومن توانام بەسەریدا نییە، وتۆ زانستی ڕەها وبێ سنورت لە لایە کە من لام نییە ونازانم، وتۆ زانا وشارەزای بە پەنهانی ونهێنیەکان، پەروەردگارا ئەگەر دەزانیت ئەم کارە خێری تێدایە بۆ دین وژین ودواڕۆژ) **(وداهاتووم؛ ئەوا بیسازێنە وئاسانی بکە بۆم وپاشان فەڕ وبەرەکەتی تێبکە بۆم، وئەگەر ئەم کارە شەڕ وخراپەیە بۆ دین وژین وگوزەران ودواڕۆژ) ^(وداهاتووم؛ ئەوا دووری بخەرەوە لێم ومنیش لەو دووربخەرەوە وخێرم بۆ بڕیار بدە (لە هەرشوێنیکدا بێت، پاشان ڕازیم بکە پێی

[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوور بوو لەسەر ئەوەی هاوەڵانی فێری چۆنیەتی ئەنجامدانی نوێژی ئیستیخارە بکات هەروەکو چۆن فێری سورەتێکی قورئانی دەکردن، ونوێژی ئیستیخارە بریتیە لە ئەنجامدانی دوو ڕکات نوێژ هەروەکو نوێژی سونەتی ئاسایی و لە پاش سەلامدانەوە کەسەکە دەست بەرز دەکاتەوە ونزا دەکات بەو شێوەیەی لە سونەتدا هاتووە، ونزاکەش بەو شێوەیە دەبێـت کە داوا لە خودا دەکات بۆ ئەوەی ڕێنموێنی بکات بۆ ئەوەی کردەوەیەک ئەنجامبدات کە بەسوودترینە بۆی لە نێوان دوو کردەوە یان زیاتردا، وخوای گەورە چۆنیەتی شتەکان بە شێوەیەکی گشتی و وردەکاریەکانیش دەزانێت، وهیچ کەسێک نازانێت کە کام لەو دوو کردەوەیە یان ئیشە یان شتە باشترە جگە لەو کەسە نەبێت کە زانستی بە بابەتەکان هەیە لە هەموو ڕوانگەیەکەوە، وتەنها خودا -سبحانه وتعالى- بە هەموو شتێک دەزانێت، وداوا لە خودا دەکات کە ڕێنموێنی بکات بۆ هەڵبژاردنی خێرترین کار یان شت، وداوای فەزڵی مەزنی خودا دەکات چونکە ئەو تواناداره لەسەر هەموو شتێک، ومرۆڤ هیچ شتێک نازانێت مەگەر ئەوە نەبێت کە خودا فێری کردووە؛ هیچ شتێک لە نەبینراوەکان -غەیبیاتەکان- لە دەرەوەی زانستی خودا نییە چونکە خودا زانستی بە ئاشکرا ونهێنی وگشتی و وردەکاری هەموو شتێک هەیە، وپاشان داوا لە خودا دەکات ئەگەر دەزانێت ئەم کارە خێرە بۆی کە بۆ جێبەجێ بوونی نزای کردووە -وناوی کار وشتەکەی هێناوە- وئەگەر نەبێتە هۆی زیان لە دین ودونیایدا؛ ئەوا بۆی بیسازێنێت وئاسانی بکات، وئەگەر دەزانێت کە ئەم کارە دەبێتە هۆی زیان لە دونیا یان دینیدا؛ ئەوا دووری بخاتەوە لێی، وئەویش دووربخاتەوە لەو کارە، وتووشی خێری بکات لە هەرشوێنێک بێت وپاشان ڕازی بکات بە قەزا وقەدەی خودا.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee